لە قەیرانی ئاشتی نەودەوڵەتیدا، خوێندنەوەیەک بۆ قەیرانەکانی دەوڵەتی-نەتەوەیی و شۆڕش ... هیوا خۆشناو

ئەوڕۆ ٢١ی سێبتامبەر ڕۆژی ئاشتی نەودەوڵەتیە. ئەو ڕۆژە لە لایەن نەتەوە یەکگرتوەکان وەک ڕۆژی ئاشتی ڕاگەیەنراوە، ئەوڕۆ بۆچاریی و قەیرانەکانی دەوڵەت لەهەر سەردەمێکدا زیاتر بەدەردەخا. دوای ئەوەی نەتەوە یەکگرتوەکان لە ساڵی ١٩٤٥ لە دایکبو و ٥١ دەوڵەتی-نەتەوەیی دەستیان لە دامەزراندنیدا گەڵا، جیهانێکی نوێ کە بە بەهەشتی دەوڵەتی-نەتەوەیی دەناسرا هاتە ئاراوە. لەو بەهەشتدا کەمینەکان، نەتەوە و ئایینە جیاوازەکان لە گۆڕان و دەیان جار جینۆساید کران. لە هەندێک شوێنی جیهانیشدا وەک ئەمریکا، ئەورووپا و ئوستورالیا، دەوڵەتی-نەتەوەیی بانگەشەی باوکێکی باش، دادوەر و مژدەبەخش خۆی نمایش کرد. یەکێتی ئەوروپا تەقینەوەی پیشەسازی، ئابووری و زانستی بەخێوە بینی. ئیتر لەوکاتەوە تا ئێستا هەر ڕۆخنەیەک لەو باوکە مژدەبەخشە بە گوناح و شتێی دەزاندرا. هەژموونگەرایی خۆرئاوا توانی لە ژێر سێکوچکەی نەتەوە یەکگرتوەکان "ڕۆکخستنەکەی"، ناتە "هێزە سەربازییە تەقنەرەکەی" و ئای ئەم ئەف-"سندوقی دراوی نەودەوڵەتی" هەمو جیهان بخاتە ژێر سێبەری خۆی.

٢٠٠٨ بەدەرکەوتنی پیسایییەکانی دەوڵەتی-نەتەوەیی؛
ساڵی ٢٠٠٨ لەگەڵ قەیرانی بانکەکانی نەودەوڵەتی لە ئەمریکا کە دوایی جیهانی گرتەوە، نیشانەکانی نەخۆشی دەوڵەتی-نەتەوەیی ئاشکراتر لە پێشو بەدەرکەوتن. ئیتر ئەوکاتە کەم نەبوون ئەو زانایانەی دەیانگووت "سەرمایەداری و پارە، ئابووری نیە". ئەوکاتە ئاشکراتر دەرکەوت کە سەرمایەداری "باوکی دەوڵەتی-نەتەوەیی" ناتوانێ ئابووری ببوژێنێتەوە، بۆکو سیستەمێکی لەناوبردنی ئابووریە و بەیەک ڕۆژدا ملیۆنان کرێکار، کارمەند، کرێکاری نەخۆش و لاوازی، بێکار و نان کرد. سەرمایەداری کە ئابووری سروشتی مرۆڤی تێکداو بەهەی شۆڕ و گەورەکردنی شار، دەهاتێکانی بردنە شار و لە شاردا کردیە قەحپەی شارستانی و کێڵگەی سمارت فۆن، خۆی لە قەیرانێکی گەورەتردا بینیەوە بەیە پێویستی بە شۆڕ و وەرانێکی دیکەی جیهان بو بۆ ئەوەی خۆی بشارێتەوە.

بەهاری عەرەبی؛
ساڵی ٢٠١٠ لەگەڵ هاتنی بەهاری عەرەبی، نیشانەیەکی دیکەی نەخشەیکانی دەوڵەتی-نەتەوەیی بەدەرکەوت. ملیۆنان هاوڵاتی بە نان و ئاو هاتنە سەر جادەو دەوڵەتی شمولی و دیکتاتۆریان ڕوخاند و لە جیاتی ئەو دەوڵەتکی دیکەیان دروستکرد کە سەرتا ئیخوانەکانی هێنا سەر دەستەڵات و دوای ئەوە، واتە ئەوەی لە میسر بە نمونە "عبد الفتاح سعید حسین خلیل السیسی" بەناوەی دەبات و دەبینین کە هیچی نەگۆڕیوە.

شکستکردن لەسەر زبڵدانی دەوڵەتی-نەتەوەیی لە عێراق، یەمەن، سوریا، لیبیا و سۆماڵ؛
ئەگەرچی بەهاری عەرەبی، بەهاری ئازایەتی و مەردایەتی بو دژ بە دکتاتۆرەکان، بەڵام لە بواری فکریەوە، خوێیترین بەهاری ئەو سەدیە دەرچو. بەهار، جگە لەوەی لە هەندێک ووڵاتدا حوسنی موبارەکەکی ڕوخاند و یەکەکی دیکەی هێنا شوێنی، هاوکات لە هەموکات زیاتر طائیفیەت و مەزهەبیەتی زیندوکردەوە کە لە سەردەمی دەندەیی بیابانی خەلیفەکانی ڕاشیدینیشدا نمونەی نەبوە.

چەقی قەیران لە کوێ دایە؟

نەتەوە یەکگرتوەکان کە پیرەزترین ڕێخراوی دەوڵەتی-نەتەوەییە و بانگەشەی چارەسەرکردنی قەیرانەکانی جیهان و کێشەکانی نێوان دەوڵەتانی دەکرد، ئەوە ناتوانێ لە دەیەکی ئیدلیب ئاشتی و ئارامی بێنێتە ئاراوە. نە ئەمریکا ئەو هەڕەی جارانی ماوە بە ئارەزووی خۆی جیهان وەڕان بکات و چاکی کاتەوە، نە ڕوسیا و ئەورووپا. قەیرانەکانی بریکسیت دەبینین کە چۆن باس لە بەکاریگەرکردنی پارلمان و دیموکراسیەتی بریتانیا دەکرێ. گەمژەیەکی گەورەیە ئەگەر بڵێین ئەو قەیرانە، بەتەنیا قەیرانی دەوڵەتی-نەتەوەیی دکتاتۆر، گەندەڵ و پاشکۆتوە.

نەخێر قەرانەکە سەرتا قەیرانی دەوڵەتی-نەتەوەیی پشکۆتوە وەک ئەمریکا، ئەورووپا و...هتد، ئێنجا قسەیەک بە دەوڵەتی-نەتەوەیی خەرهەڵاتی ناوین نامێنێتەوە. هیچ جیاوازیەک لە نێوان دەوڵەتە-نەتەوەییەکانی پشکۆتو و پاشکۆتو نیە. ئاسەد و سیسی بە قامچی خەڵکەکەیان ناچاری سەرشۆڕی دەکەن، لە ئەورووپا و ئەمریکاش بە ئابووری، بەرزکردنەوەی تەمەنی کارکردن تا دەگاتە ٧٠ ساڵ، کەمکردنەوەی موچەی خانەنشینی و مافەکانی دیکە، هێنانی ملیۆنان پەنابەر و خستنەکاریان لە فابریکە/کارگەکان لە هەومەرجێکی

ناچێگیری کۆمەڵایەتی/کولتوری و ئابووری، خەڵک کێبڕکێن. بەرزبوونەوە و گەورەبوونی پارتە نژادپەرستەکان و هاتنیان بەسەر دەستەڵات، بەگەی پۆیستن کە دەوڵەت لە بنچینەوە نەخشە بە پشکۆتو و پاشکۆتوویەوە.

هەر ئۆیە بەتە هەی نە نەتەوە یەکگرتوەکان کە بەتنیا نوێنەری دەوڵەتی-نەتەوەیی دەکات، نە وڵاتانی زلهێز ناتوانن گۆڕانکاری و ئاشتی بێننە ئاراوە، چونکە خۆیان سەرچاوەی کێشەن. کێشەکانی دەوڵەتی-نەتەوەیی بەتنیا شێوەیش نیە، بەکو پیسکردنی ژینگە و بڵاوبونەوەی پلاستیکە بە هەموو جیهان. ئەوانە کێشەگەلێکن کە ڕزگاربوون لێیان ئاسان نیە، ئەگەر مرۆڤایەتی دەستبەرداری کێبڕکێتی نێبە بە دەوڵەت.

ئەنجام؛
تەواوی کایەکانی دەوڵەتی-نەتەوەیی و میکانیزمەکانی ئەوە لەکارکەوتوون. باسمان لە نەتەوە یەکگرتوەکان کرد، باسمان لە ناتە کرد کە بەتە دەندەترین ڕێخراوی جیهان و باوکی شەڕە. باسمان لە قەیرانی دەوڵەتی-نەتەوەیی کرد لە هۆزەڕەگاتی ناوەڕاست. لە هەمووی گرینگتر باسمان لەو ئاقێبەتە خوێناوییە کرد کە پێیوابو دوای ڕوخانی دەوڵەتێک و ئاواکردنی دەوڵەتێکی دیکە، دنیا دەبەتە شامی شەریف، کە لە ئەنجامی ئەو بیرکردنەوەیەدا، دەیان ڕێکخراوی داعشی لە کوتوە. ئێستا لە هەموویان خراپتر ئەوانەی درێژە بە ئاقێبەتی دەوڵەتی-نەتەوەیی دەدەن، هۆزەڕەگاتی ناوەڕاستیان کردەتە کارگەی "درەنەکان" فەرکەی بە فەرکەوان و نەوەک بەتنیا دەوڵەت، بەکو زەربەی زەری ڕێکخراوەکانیش خەریکی بەرهەمهێنانی ئەو چەکە وێرانکارەن.
لە کوردستانەکەی ئەمە و هۆزەڕەگاتی ناوەڕاستدا، ڕەوشەکە زۆر لەوە خراپترە. هێشتان دەنگی تەپوتۆزی ڕەفراندەم و دەوڵەتە مورتەزەقەکەی کوردایەتی لەبەر گوێماندا دەلەرێتەوە. هۆزانە دەیان ئەکادەمیسیەنی ستەک، سەدان نوسینی بەکەک و دەیان بەرنامەی تەلەفزیۆنی و کۆنفرانس دەبینین بە سپیکردنەوەی ڕووی ڕەشی دەوڵەت و ناسیۆنالیزم کە پێیان وایە ئەگەر دەرفەتیان پێ بدەن، ئەو ئەفسانەیانە دەتوانن دەوڵەت و نەتەوەی باشتر بئافرێنن!! ئەوە لەکاتێکدا وەک هۆزی ڕووناک دیارە کە دەوڵەتێکی کوردی ئەگەر ببێ، دەبێتە مورتەزەقەی هەزە ئیقلیمیەکان و دەندە بە تاکی کورد، چونکە ئەوانەی دەوڵەتەکە دادەمەزرێنن، لە خەرئاواییەکان بئاقەتر و دیموکراتتر نین. ئەوان لە سەرەتادا بە ئاقێبەتی میرنشینی

تانکار و ڕەگەز گەورەبوون و دوایی واتە لە سەدەی بیستەم حزبی سیاسی کوردیان دامەزراند.
ئەوە لە جیهاندا کەس ئەحمەقکانی وەک دۆناڵد ترامپ، بینیامین ناتانیاهو و بەریس جۆنسۆن سەرکی بەهێزترین دەوڵەتی-نەتەوەیی جیهانن. پارتە ڕاسیستە دژەپەنابەرەکان دێنە سەر دەستەڵات و لای ئێمەش پارلمان بۆتە قەشمەرخانەو سوکترین/ئەحمەقترین دەزگای دەوڵەتی-نەتەوەیی، کە کەسە ڕانتخەرەکان جێی تێدا دەگرن و داوا لە ژنە خەرلەخانەدیوەکانی کورد دەکەن ژمارەی منداڵەکانیان بگەیەننە زیاتر لە پێنج منداڵ بە ئەوەی بەغدا پارەی زیاتریان بە بنەڕە.
ڕەنگبێ ئەجالان تاقە کوردێک بێ لەو لایەنە کەمەکەکی گەورەی پێشخستبێ لە پێناوی بەڕەکردنی قەیرانەکان کە قەیرانی شارستانی و سەرمایەدارین، بەڵام نە پکک، وە نە هەڤاڵانی هەنگاوەکی جدییان نەناوە. نەوەک بۆتانیا بە جێبەجێکردنی بۆشکی کەم لەو پارادێگمایە، بەڵکو بە تێگەیشتنیشی. لە غیابی ئەودا، تا ئێستاش سیستەمەکە حزبیە، "حزبیش کەرستەیەکی دەوڵەتی-نەتەوەییە"، تا ئێستاش کولتووری مەکتەب سیاسی هەیە کە دەتوانێ دەستەڵاتی بەیاردان قەڵەخ بکات، توژێک بە بنەما بگرێ و توژێک پراوەز بکا یان هەرهیچ نەبێ کولتووری مەکتەب سیاسیەکان کە نوخبەیە، ناتوانێ دیموکرات بێ و لە هەمووی خراپتر تا ئیستا کوولتووری سیاسی و ڕەکخراوەیی ستالینیزم بەلاوە نەنراوە لە ئاستی کەسە باڵاکان و کادیرانی ناوەڕاستدا.
بە بەلاوەنانی ئەو قەیرانانە، پێویستە مرۆڤ لە سفرەوە دەستپێبکات و لە دەروازەیەکی دیکەوە تەماشای جیهان بکات. ئەو سیستەمەی جیهان، ئەو زانست/زانکۆیەی جیهان کە لێژرکاریگەری پار/سەرمایەداری و لیبرالیزم دایە، لەگەڵ ئەو مێژووە نوسراوە و خوێندەوە کەمەناسیە، وەڵامی قەناغەکە ناداتەوە.